گرووپی لۆجستی جیهانی

LOGISTICS CLUSTER

# فۆرمی داواکاری خزمەتگوزاری (SRF) – ڕێنماییەکانی بەکارهێنەران

(14ی ئەیلول 2016)

فۆرمی داواکاری خزمەتگوزاری (SRF) بریتیە لە بەڵگەنامەیەکی یەکخراو کەوا پێویستە پڕبکرێتەوە لە لایەن هەر ڕێکخراوێك کەوا داوای خزمەتگوزاری بکات لە گرووپی لۆجستی (ئەم خزمەتگوزارییانە لەخۆدەگرێت بەڵام سنوردارنیە تەنها لەم خزمەتگوزارییانە: گواستنەوە، بەکۆگاکردنی کاتی، وە دابەشکردنی سووتەمەنی). زانیاری دروست لەسەر ئەم فۆرمانە شتێکی گرنگە بەمەبەستی گەیشتن بە بەدواداچوون و بە بەڵگەکردنێکی سەرکەوتووی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش دەکرێن. دەبێت بەکارهێنەر بە شێوەیەکی وورد پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکە بکات پێش ئەوەی بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی فۆرمەکە پێشکەش بکات بە گروپ.

**هەر کاتێك (*SRF*) بە تەواو و دروست ئەژمارکرا، ئەوا گرووپی لۆجستی  هەڵدەستێت بە دەرکردنی ژمارەی بەدواداچوونی (*SRF*) بۆ بەکارهێنەر وە هەروەها هەڵدەستێت بە دانانی زانیاریەکانی لەناو داتابەیسی بەدواداچوونی (*SRF*)[1].**

## I. ڕێنماییەکان و پێشکەشکردنی (SRF)

تکایە تێبینی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکە سەبارەت بە پێشکەشکردنی (SRF):

- پێویستە تەنها یەك (SRF) پڕبکەیتەوە بۆ یەك شوێنی دەستپێك و شوێنی کۆتایی؛
- پێویستە (SRF)ێکی جیا پێشکەش بکرێت بۆ هەر شوێنێك یان بارەگایەکی بە کۆگاکردن؛
- پێویستە (SRF)ێکی جیا پێشکەش بکرێت ئەگەر کەل و پەلەکان لە چەند شوێنێکی جیاوازەوە هاتبێت؛
- بۆ ئەو کەل و پەلانەی پێویستیان بە بارکردن و بە کۆگاکردنی تایبەت هەیە، ئەوا دەبێت ئاماژەیان پێبکرێت بە (SRF)ێکی جیا؛
- ئەگەر بەکارهێنەر شوێنی نما لەسەر فۆرمی ئێکسل، ئەوا پێویستە (SRF)ێکی زیاد پێشکەش بکات وە هەوڵنەدات هێڵی زیاتر زیادبکات لەسەر هەمان ئێکسل.
- هەر پێویستیەکی تایبەت بە کردنە ناو سندوق و دووبارە پاکێج کردنەوە دەبێت ئەوا پێویستە کەل و پەلەکان بە بڕگەی جیا ئاماژەیان پێبکرێت، ناکرێت گشت کەل و پەلەکان کۆبکرێتەوە وەکو "سندوق"ێك؛

هەرکاتێك دڵنیانەبووی، ئەوا داواکارییەکەت پێشکەش بکە لەسەر چەند فۆرمێك.

***تێبینییەکی سەرەکی:پێویستە گشت فۆرمەکانی (SRF) بنێردرێت لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بە شێوەی ئێکسل بۆ ئەو ئیمەیلەی کە لە گۆشەی لای ڕاستی سەرەوەی (SRF) ئاماژەی پێکراوە. تکایە بە شێوەیەکی دیکە فایلەکەت هەڵمەگرە وەکو: jpeg یان pdf.***

***ئەو ڕێنماییانەی سەرەوە بە شێوەیەکی کورتکراوە نووسراوە لە بەشی سەرەوەی فۆرمی داواکاری خزمەتگوزاری.***

## II. ڕێنماییەکانی تایبەت بە دەرکردنی ژمارەی (SRF)

هەرکاتێك (SRF) پاکانەی بۆ کراو و وەرگیرا لە لایەن گرووپی لۆجستی ، ئەوا پەیوەندی دەکرێت بە بەکارهێنەر و ژمارەی بار و ژمارەی بەدواداچوونی تایبەت بە داواکارییەکەی بۆ دەردەکرێت. ژمارەی بار دەبەخشرێت لە لایەن بەرنامەی بەدواداچوونی کەل و پەلی کۆمەکی گروپ (RITA) لەگەڵ ژمارەیەکی بەدوا داچوون کەوا بە شێوەیەکی هەرەمەکی دروست دەکرێت.




[1] فۆرمی ئێستای SRF لە ڕێگەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسل 2013 دیزاین کرابوو. ئەگەر کێشەی گونجان بوونی هەبوو لەگەڵ ڤێرژنی نوێی ئێکسل، پاکێجی گونجان دەتوانرێت داونلۆدبکرێت و دابنرێت لەم لینکەدا: **Microsoft Office Support Package**.

شێوەی لای ڕاست، (SRF)ێك نیشان دەدات كەوا ژمارە ”**ROM-0011**“ و **كۆدی بەدواداچوونی: 364388262** پێبەخشراوە، بەم پێیە بەكارهێنەر دەتوانێت نوێترین جووڵەی بارەكەی بزانێت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە: http://rita.logcluster.org

## III. خزمەتگوزارییە داواكراوەكان

| SERVICE(S) REQUESTED | |
|---|---|
| **TRANSPORT SERVICE** | |
| Ready to Load (date) : | |
| FROM (Town/City Name) : | |
| (Office/Facility Name) : | |
| (Street Address) : | |
| (Lat. / Long.) : | |
| TO (Town/City Name) : | |
| (Office/Facility Name) : | |
| (Street Address) : | |
| (Lat. / Long.) : | |
| **STORAGE SERVICE** | |
| Location (To be stored in): | |
| Beginning (date): | |
| Until (date): | |

ئەگەر "خزمەتگوزاری گواستنەوە TRANSPORT SERVICE" داواكرابوو، ئەوا ئەم بەشە بەكاردەهێنرێت. **بەكارهێنەر دەبێت ئەوەی لەیاد بێت كەوا دەبێت بۆ هەر شوێنێك (*SRF* )ێك پێشكەش بكات.**

دەستەواژەی **"ئامادەیە بۆ باركردن Ready to Load"** بریتیە لەو ڕێكەوتەی كەوا كارگۆ ئامادە دەبێت بۆ گواستنەوە. دڵنیابە لەوەی كەوا بە تەواوی پڕی بكەیتەوە لەبەر ئەوەی كاریگەری هەیە لەسەر بەردەست بوونی تایبەت بە پلانی گواستنەوە.

پێویستە شوێنی ناردن بە ڕوونی ئاماژەی پێكرابێت لە بڕگەی **"لە ناوی شارۆچكە/شار)"**، شوێنی دیاریكراو وەكو "كۆگای LC" یان "ناونیشانی بەكاربەر" دەبێت لە بڕگەی **"ناوی نووسینگە /بارەگا"** ئاماژەی پێبكرێت، زانیاری دیكەی تایبەت بە شوێنەكە پێویستە پێشكەش بكرێت لە بڕگەكانی **"(ناونیشانی شەقام)** وە/یان **(Lat./Long.)**".

پێویستە شوێنی وەرگرتن بە ڕوونی ئاماژەی پێبكرێت لە بڕگەی **"بۆ ناوی شارۆچكە/شار)"**، زانیاری دیكە دەبێت بە ڕوونی ئاماژەی پێبكرێت هەروەكو لەسەرەوە ئاماژەی پێكراوە.

**تێبینی: شێوەی گواستنەوە بەگوێرەی خزمەتگوزارییە پێشكەشكراوەكان و بەردەست بوون و باری پێشییەتی كارگۆ دەبێت.**

ئەگەر **"خزمەتگوزاری بەكۆگاكردن Storage Service"** داواكراو بوو، ئەوا ئەو بڕگەیە پڕدەكرێتەوە.

پێویستە ئەو شوێنەی كەوا كەل و پەلەكانی تێدا دەپارێزرێت بە ڕوونی ئاماژەی پێبكرێت لە خانەی **"شوێن Location" (ناوی شارۆچكە / شار – ناوی بارەگا).**

پێویستە **"دەستپێك"** بەڕوونی ئاماژەی پێبكرێت لەبەر ئەوەی كاریگەری دەبێت لەسەر پلانی بەكۆگاكردنی شوێنی بەردەست.

پێویستە ڕێكەوت **"تاكو"** بە ڕوونی ئاماژەی پێبكرێت لەبەر ئەوەی كاریگەری دەبێت لەسەر پلانی بەكۆگاكردنی شوێنی بەردەست.

**تێبینی: دڵنیا بە لەوەی كەوا داواكاری خزمەتگوزاری بە كۆگاكردن تەنها لەسەر بنەمای كاتیە (پەیوەندی بكە بە خاڵی سەرەكی پەیوەندیكردنی گرووپی لۆجستی بۆ زانینی ماوەی بەكۆگاكردنی بەردەست)**

## IV. ڕێکخراوی ناردن و وەرگرتن وە زانیاری بریکاری پاکانە

**POINTS OF CONTACT**

| | |
|---|---|
| SENDING ORGANIZATION: | |
| Contact Name: | |
| Telephone No: | |
| Email: | |
| Sender's reference No: | |
| RECEIVING ORGANIZATION: | |
| Contact Name: | |
| Telephone No: | |
| Email: | |
| CLEARING AGENT: | |
| Contact Name: | |
| Telephone No: | |
| Email: | |

**"ڕێکخراوی ناردن"** بریتی دەبێت لە ئاژانس و زانیارییەکانی ئەو کەسەی کەل و پەلەکانی ناردووە (ئەو کەسەی کە خاوەنی کەل و پەلەکانە وە/ یان چاودێری کەل و پەلەکانی لە ئەستودایە پێش ئەوەی ڕادەست بکرێن بۆ خزمەتگوزاری کە پێویستە پێشکەش بکرێت).

**"ڕێکخراوی وەرگرتن"** بریتیە لەو ئاژانسەی کەوا کەل و پەلەکان وەردەگرێت (ئەو کەسەی کە دەبێتە خاوەنی وە/یان چاودێری کەل و پەلەکانی لە ئەستو دەبێت ڕاستەوخۆ دوای پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری).

ئەگەر بارکردنی نێودەوڵەتی پێویست بوو، دەبێت بەکارهێنەران دڵنیابن لەوەی زانیاری پەیوەندی کردنی **"بریکاری پاکانە"** بەردەستە و پەیوەندارە بە وولاتەکەوە (پێویستە بریکاری پاکانە لە وولاتەکەدا بێت). گواستنەوەی ناوخۆیی پێویست بەم زانیاریانە نابێت.

**تێبینییەکی سەرەکی: پێویستە بەکارهێنەران دڵنیابن لەوەی کەوا زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی ئاماژەپێکراو لەناو (*SRF*) دروست و کارپێکراوە.**

**گرووپی لۆجستی وە/ یان بەرنامەی خۆراکی جیهانی *WFP* نابێت بە لایەنی ناردن یان لایەنی وەرگر بۆ هیچ ئاژانسێك مەگەر کەل و پەلەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی *WFP* نەبێت.**

## ٧. داواکارییە تایبەتەکان

| SPECIAL REQUEST(S) | | |
|---|---|---|
| Cold chain required: | | YES/NO |
| *Temperature range from:* | | *C°* |
| *to:* | | *C°* |
| Dangerous goods included: | | YES/NO |
| *UN ID Number:* | | |
| You can find the UN ID Number | | HERE |
| Regulated goods included: | | YES/NO |
| Fragile goods included: | | YES/NO |

ئەگەر کارگۆ پێوستی بە بارکردنێکی تایبەت هەبێت، ئەوا لەم برگەیەی فۆرم ئاماژەی پێدەکرێت.

چوار چوارگۆشەکە:

**"کەل و پەلی سارد"، "مەترسیدار"، "قابیلی شکان"، "ڕێکخراو"** هەڵبژاردەی سادەی بەڵێ / نەخێر هەیە بۆ بەکارهێنەر.

پاشان چەند خانەیەك هەیە بۆ زانیاری پاڵپشتی پێویست:

**"مەودای پلەی گەرما لە/ بۆ"**

**"ژمارەی ناساندنی نەتەوەیەکگرتووەکان"**

لە کاتی هەڵبژاردنی هەر یەکێك لەم خشتانە لە لایەن بەکارهێنەرەوە **دەبێت** ڕێنمایی تایبەت پێشکەش بکات دەربارەی بە کۆگاکردن و گواستنەوە.

**کەل و پەلی سارد** – بریتیە لەو کەل و پەلانەی کە پێویستی بە ڕێژەیەکی پلەی گەرمای جێگیرە لە کاتی بە کۆگاکردن و گواستنەوە. ئەگەر هەبێت، ئەوا پێویستە ڕێژەکە دیاریبکرێت لەسەر فۆرم.

**کەل و پەلی مەترسیدار**– ئەو کەل و پەلانەی کەوا دەشێت هەژماربکرێت وەکو کارگۆی دروستکەری مەترسی یان مەترسی دار بەگوێرەی ڕێنماییەکانی بارکردنی جیهانی. نمونەکان بریتین لە پاتری لیثیۆمی، ئەو کەل و پەلانەی کە بەرهەمەکانی نەوت و سووتەمەنی لەخۆ دەگرێت، یان ماددەی کیمیایی دیکە. گشت کەل و پەلەکانی لەم شێوەیە ژمارەیەکی ناساندنی نەتەوەیەکگرتووەکان لەخۆدەگرێت کە دەبێت بەکاربهێنرێت (بە کلیك کردنی دوگمەی HERE دەچیتە ناو ماڵپەڕی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەتمەند بۆ ئەوەی ناساندنی نەتەوەیەکگرتووەکانی کەل و پەلە مەترسیدارەکانت بزانیت).

**ڕێکخراو** – ئەو کەل و پەلانەی کەوا بە شێوەیەکی ناوخۆیی سنوری بەسەردا سەپێنراوە. بۆ نمونە، دەرمانی کحولی باردەکرێت لەو وڵاتانەی کەوا کحول تێیدا نا یاساییە.

**قابیلی شکان** – بریتین لەو کەل و پەلانەی کە پێویستیان بە هەڵگرتنی هەستیار و بە کۆگاکردنی وریا هەیە (بۆ نمونە، کەل و پەلی ئەلیکترۆنی و شووشە).

**تێبینییەکی سەرەکی: ئەو کەل و پەلانەی پێویستیان بە بەکۆگاکردن و بارکردنی تایبەت هەیە ئەوا پێویستە لە (SRF)ێکی جیا دابنرێت. بۆ نمونە، ماددەکانی کۆتان پێویستیان بە پاڵپشتی زنجیرەیەکی سارد هەیە ناتوانرێت لەهەمان (SRF) ی ئەو زنجیرە ماددانە دابنرێت کەوا پێویستیان بە ساردی نیە وەکو خێوەت و کەل و پەلی نوسینگە.**

## VI. كارگۆی بە لیست كراو

CARGO LISTED

| | Category | Inventory Units | | Description | Handling Units | | Weight/Size | | Value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | Quantity | Unit Type | | Quantity | Unit Type | Total Kg | Total m3 | (US Dollars) |
| 1 | | | | | | | | | |
| 2 | | | | | | | | | |
| 3 | | | | | | | | | |
| 4 | | | | | | | | | |
| 5 | | | | | | | | | |
| 6 | | | | | | | | | |
| 7 | | | | | | | | | |
| 8 | | | | | | | | | |
| 9 | | | | | | | | | |
| 10 | | | | | | | | | |
| 11 | | | | | | | | | |
| 12 | | | | | | | | | |
| 13 | | | | | | | | | |
| 14 | | | | | | | | | |
| 15 | | | | | | | | | |
| TOTAL (Weight/Size/Value) for the Consignment | | | | | | | | | |

COMMENT(S): Use the box below to specify special requirements for handling or transportation of your cargo/items or any other relevant logistics information.

**جۆر-** پێویستە بەکارهێنەران جۆری کەل وپەلەکانیان دیاریبکەن بە بەکارهێنانی لیستی دارێژراو. جۆرەکانی کەل و پەل کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ گروپ پەیوەست دەبێت لەگەل کەل و پەلەکان. لیستی تەواوی جۆرەکان، لەگەڵ نمونەی هەر جۆرێك، دەتوانرێت ببینرێت لە کۆتایی ئەم بەڵگەنامەیە. دیاریکردنی جۆرەکانی کەل و پەل، بەشێکی سەرەکی زانیارییەکان پێك دەهێنێت لە کاتی ڕیپۆرتکردنی پاڵپشتی گروپ بەگوێرەی بوارەکان.

**یەکەکانی ئەژمارکردن-** ئەمانە بریتین لە نزمەترین ئاستی یەکەکانی بارکراو.

1. **بڕ-** کۆی ژمارەی کەل و پەلەکان تەنها دەشێت ببێتە ژمارەی گشتی وە جۆری یەکە پێویستە بە دروستی وەسفی کەل و پەلەکان بکات .
2. **جۆری یەکە-** لەکاتی ئێستادا بەکارهێنەران دەتوانن تەنها لە لیستی دارێژراوی هەڵبژاردەکان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی دڵنیابن لە یەکخراوی زانیاری کەل و پەل لە لایەن بەکارهێنەرانەوە. ئەمە بە شێوەیەکی ئاسان دەتوانرێت درێژبکرێتەوە ئەگەر پێویست بێت. هەڵبژاردەکانی یەکە:

قەبارە (کگم)

هەریەك

لیتر

جووت

پارچە

**وەسف-** پێویستە وەسفێکی تەواو و دروستی کەل و پەلەکان پێشکەش بکرێت لە خانەی **"وەسفکردنی"** (SRF). پێویستە وەسفی کەل و پەل دیاریبکرێت ئەوەندەی لە شیان دابێت یان دەشێت (SRF)ـەکەت دوابخرێت لە جێبەجێکردنی. گروپی لۆجستی دەیەوێت زانیاری زۆر دیاریکراو و شیکراوە بزانێت دەربارەی گشت کارگۆیە بارکراوەکان تاوەکو کلەستەر بتوانێت زامنی هەڵگرتنێکی گونجاو بکات. سەرەڕای ئەمانە، دەبێت کەل و پەلی وەکو سووتەمەنی بە شێوەیەکی جیاواز باربکرێت لەبەر ئەوەی کە دەشێت کەل و پەلی کۆمەکی مرۆیی دیکە وەکو خواردن پیس بکات.

**تێبینییەکی سەرەکی: ئەگەر ئاژانسێك هەڵسا بە بارکردنی کەل و پەلی کۆمەکی کە پێکهاتبێت لە سەبەتەی بە پاکێجکراوی پێشوەختەی کەل و پەل، ئەوا پێویستە لیستی پاکێجکردن هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ئەو سەبەتەیە. بۆ نموونە، ئەگەر ئاژانسێك هەڵبستێت بە ناردنی جانتایەکی بە پاکێجکراوی پێشوەختەی کەل و پەلی ناخۆراکی تایبەت بە چێشتلێنان (مەنجەل، کوپ... هتد) ئەوا هەرچەندە جانتاکە بریتیە لە یەك کەل و پەل، گروپ پێوستی بە لیستی بە پاکێجکردنی کەل و پەلەکانی ناو جانتاکە هەیە بۆ مەبەستی دڵنایی و هۆکاری گومرگی.**

**یەکە کانی هەڵگرتن:** ئەم بڕگەیە وەسفی ئەوە دەکات کەوا چۆن ئەو یەکانەی بە شێوەیەکی تاك ئەژماردەکرێت بەیەکەوە پاکێجکراون.

3. **بڕ-** کۆی ژمارەی کەل و پەلەکان تەنها دەشێت ببێتە ژمارەی گشتی وە جۆری یەکە پێویستە بە دروستی وەسفی کەل و پەلەکان بکات.
4. **جۆری یەکە-** لەکاتی ئێستادا بەکارهێنەران دەتوانن تەنها لە لیستی داڕێژراوی هەڵبژاردەکان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی دڵنیابن لە یەکخراوی زانیاری کەل و پەل لە لایەن بەکارهێنەرانەوە. ئەمە بە شێوەیەکی ئاسان دەتوانرێت درێژبکرێتەوە ئەگەر پێویست بێت. هەڵبژاردەکانی یەکە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| قەبارە (کگم) | قەفەس | هیچ/ ڕێکنەخراو | بەش |
| جانتا / کیس | بەرمیل | هەریەك | |
| چەپك/ دەسك | دەستە/سێت | لیتر | |
| سندوق / کارتۆن | ڕۆلە | جووت | |

**کۆی کێش / قەبارە**

1. **کۆی کگم-** ئەمە دەبێت بە دروستی پڕ بکرێتەوە. تەنها ژمارە دەتوانرێت لێرە بنووسرێت لە لایەن بەکارهێنەرەوە. پێویستە بەکارهێنەر هەڵبستێت بە نووسینی کۆی کێش بە کگم لە هێڵی کەل و پەلەکان.
2. **کۆی م³-** ئەژمارکردنی قەبارەی ئەو کەل و پەلانەی کە داوای دەکەیت لە گروپی لۆجستی بۆ هەڵگرتن بریتیە لە بەشێکی سەرەکی گواستنەوە و بە کۆگاکردنی کارگۆ. گروپی لۆجستی ئەم زانیارییانە بەکاردەهێنێت بۆ یەکخستن و دڵنیابوون لە بەکارهێنانی تەواوی یەکەکانی بە کۆگاکردنی گەڕۆك (MSUs) وە جۆرە هاوبەشەکانی گواستنەوە (کەشتی، بەلەمی گواستنەوەی کەل و پەل، ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر، یان باڵی جێگیر) بەکارهێنراوە بە کۆی گشتی تواناکانیان.

- بۆ ئەژمارکردنی قەبارە، تەنها پێویستە بەرزی و پانی و درێژی بپێوی و جارانی بکەیت.

  قەبارە = بەرزی x پانی x درێژی. **بۆ نموونە، ئەگەر سەندوقەکەت بریتی بێت لە 1.2 م بەرز x 2 م پان x 1 م درێژ، ئەوا کۆی قەبارەی ئەو بۆکسەت بریتیە لە: 2.4م³**

- ئەگەر سندوقی بچووکت هەیە بە سانتیمەتر، ئەوا بە مەتر ئەژماری بکە پێش ئەژمارکردنی قەبارە بە دابەشکردنی سانتیمەترەکان بەسەر 100. **بۆ نموونە، ئەگەر سندوقەکەت بریتی بێت لە: 100 سم = 1.00 م؛ 150 سم = 1.5م ؛ وە 200 سم = 2.00 م.**

**بۆیە، قەبارە بریتیە لە 1.5 x1.00 x 2.00 م = 3 م³**

- ئامێری بژمێر لەسەر هێڵی ئینتەرنێت بەردەستە لەسەر ئەم لینکە: http://mathcentral.uregina.ca/volume_calculator
- لە (SRF)، هەڵدەستیت بە نووسینی **کۆی قەبارە تەنها لە هێڵی کەل و پەلەکە.**

**تێبینییەکی سەرەکی: پێویستە بەکارهێنەر دڵنیابێت لەوەوی کەوا ئەو داتایانە دروستن وە کۆی گشتی کێش و قەبارە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو کەل و پەلانەی کە ئاماژەیان پێکراوە**

**تێچینەکان:** ئەم چوارگۆشەیە دەتوانێت زانیاری دیاریکراو وە /یان داواکارییە تایبەتەکانی هەڵگرتن یان گواستنەوەی کارگۆ / کەل و پەلەکانت یان هەر زانیارییەکی دیکەی پەیوەست بە لۆجیستیك پێشکەش بکات.

## VII. مەرجەكانی خزمەتگوزاری

دەستەواژەی **"مەرجەكانی خزمەتگوزاری"** بریتیە لەو بەند و مەرجانەی كەوا بەكارهێنەری خزمەتگوزاری ڕەزامەندە لەسەر ئەوەی پابەندبێت پێوەی بۆ بەكارهێنانی خزمەتگوزارییە هاوبەشەكان لە لایەن پێشكەشكاری خزمەتگوزاری.

**مەرجەكانی خزمەتگوزاری**

**گشت داواكارییەكان بە پێی ئەم (SRF)ـەوە دەكرێت ئەوا دەكەوێتە ژێر ئەم بەند و مەرجانەی خوارەوە:**

1. پێشكەش كاری خزمەتگوزاری كاردەكات وەكو بریكار بۆ بەكارهێنەرانی خزمەتگوزاری.
2. پێشكەشكاری خزمەتگوزاری هیچ بەرپرسیاریەتیەك هەڵناگرێت سەبارەت بە گواستنەوە و بە كۆگاكردن وە/ یان هەر وون بوونێكی یان زیان بەركەوتنێكی كەل و پەلی هەڵگیراو.
3. بەكارهێنەرانی خزمەتگوزاری بەرپرسیارن لە ڕێكخستنی گونجاو دەبارەی دڵنیایی لەسەر كەل و پەلەكانیان.
4. ئەم (SRF)ـە بریتی نیە لە بەڵگەنامەی گواستنەوە؛ دەركراوە بۆ ڕەزامەندی كارگێری و مەبەست لەم بەڵگەنامەیە بریتی نیە لە جێگرتنەوە و گۆڕینەوە و شوێن گرتنەوەی بەڵگەنامەی گواستنەوە كەوا دەشێت دەربكرێت بۆ هەر گواستنەوەیەكی پەیوەندار بەگوێرەی ئەم (SRF)ـەوە.
5. گشت ئەرك دارایی و باجەكان هەڵسەنگاندنیان بۆ كراوە لەسەر كارگۆی بەلیستكراو لەسەر ئەم (SRF)ـەوە دەكەوێتە بەرپرسیارییەتی ڕێكخراوی ناردن، وە پێویستە چارەسەر بكرێت بە شێوەیەك كە جێگای ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندار بێت پێش ئەوەی كارگۆ ڕادەست بكرێت لە لایەن ڕێكخراوی ناردن یان بریكاریان بۆ پێشكەشكاری خزمەتگوزاری.
6. ئەو زانیارییانەی لەم (SRF)ـەوە هاتووە بە شێوەی ژمارەیی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و دەشێت پێشوازی لێبكرێت سەر سێرڤەری لایەنی سێیەم

## VIII. پەسەندكردن و ڕێكەوت و واژوو

**پەسەندكردن**

بە پێی ئەمە پەسەندی دەكەم كەوا كارگۆی بە لیستكراو بریتیە لە مولكی ڕێكخراوێكی مرۆیی وە تەنها بۆ مەبەستی مرۆییە. گشت بەڵگەنامە پێویستەكان ئامادەدەبێت بۆ كارگۆی بە لیست كراو لە "ڕێكەوتی ئامادەیە بۆ باركردن Date Ready to Load" لە حالەتی خزمەتگوزاری گواستنەوە، لە "ڕێكەوتی سەرەتا Beginning (Date)" لە حالەتی خزمەتگوزاری بە كۆگاكردن، یان هەر یەكێكیان كە زووتر بێنە پێشەوە. من ڕایدەگەینم كەوا گشت زانیارییەكانی لەم فۆرمە هاتووە ڕاست و دروستە بە گوێرەی زانیارییەكانی من.

| ناو و پۆستی داواكار |
|---|
| - |
| - |
| - |
| ڕێكەوت (ڕۆژ- مانگ - ساڵ) |
| |

بە پڕكردنەوەی خانەكانی **"ناو Name"** و **"پۆست Position"** و **"ڕێكەوت Date"**، تۆ ڕەزامەندی لەسەر ئەو ناوە ڕۆكەی پێشكەشكراوە لە خانەی **"پەسەندكردن AFFIRMATION"** وە ناوەڕۆكی خانەی **"مەرجەكانی خزمەتگوزاری"**.

گرووپی لۆجستی (SRF)ـەكان وەردەگرێت لە ئیمێلە ناسراوەكانی ئاژانسەكان وە پێویستە (SRF) بە شێوەی فایلی ئێكسیل پێشكەش بكرێت.

گرووپی لۆجستی ئیمێلێك قبول دەكات كەوا واژووی ئاژانس ئەگەر هاتبێت لە ئیمێلێكی ناسراو وە بەكارهێنەری خزمەتگوزاری؛ ئەگەر بەكارهێنەر خوازیاربێت لەبەردەوام بوون لەسەر پێشكەشكردنی واژوویەك، ئەوا دەتوانن واژووەكە سكان بكەن و بیخەنە سەر خانە یان وێنەی دووەم بنێرن لەگەڵ بەڵگەنامەی سكانكراو.

# گرووپی لۆجستی جیهانی

LOGISTICS CLUSTER

| نمونەی باو | ناوەڕۆك | جۆر |
|---|---|---|
| ڕێکخستنی کەمپ و بەڕێوەبردنی کەمپ | کەل و پەل بۆ دامەزراندن و پاڵپشتیکردنی ژێرخانی کەمپی ئاوارەکان یان پەنابەران | چیمەنتۆ، دار، خاکەناز، سەڵەی زبڵی گوێزراو |
| چاککردنەوەی پێشوەختە | کەل و پەلی پاڵپشتیکردنی ئەو بەرنامەی کە کار دەکات لە بواری دووبارە شیاندنەوەی خزمەتگوزاری گشتی یان بەرنامەکانی بژێوی ژیان | عەرەبانەی دەستی، خاکەناز، پەراوگە |
| پەروەردە | کەل و پەلی پاڵپشتی قوتابخانە و قوتابی | پەرتووك، پەراوگە، کەل و پەلی بیناسازی، میز |
| ئاسایشی خۆراکی | بەرهەمی پاڵپشتیکردنی ڕاستەوخۆی خۆراکی سوودمەند | بسکویتی ووزە بەرز، ڕوونی سەوزەوات، گەنمە شامی، برنج، پلەمپی، شیر |
| کاری گشتی | ئەو کەل و پەلانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاراستەی سوودمەندان ناکرێت وە جۆرەکانی دیکە نایان گرێتەوە | کەل و پەلی نووسینگە، پەراوگە، میز |
| پرۆگرامی گشتی | هەر کەل و پەلێکی پێویست بۆ پاڵپشتی بەرنامەکانی بواری | پسوولە، کارتی دابەشکردن |
| تەندروستی | هەر کەل و پەلێکی پێویست بۆ پاڵپشتی پزیشکی سوودمەندان | باندج, بارەگای کارکردنی گوێزراوە , دەرمان |
| لۆجستی | کەل و پەلی داواکراو بۆ پاڵپشتی لۆجستی ڕاستەوخۆی بەرنامەکان | سووتەمەنی، ڕوونی بزوێنەر، ئۆتۆمبێل، مۆە لیدە، کۆگای گوێزراوە |
| پاراستن | هەر کەل و پەلێك بەکاربێت بۆ پاڵپشتی ڕاستەوخۆی بەرنامەکان ئامانجی بریتیە لە زامنکردنی پاراستنی گشت خەڵك بەگوێرەی مافەکانی مرۆڤ | کەل و پەلی داواکاری، ئامێری کردار / لابردنی مین، کەل و پەلی لابردنی پاشماوە |
| شوێنی حەوانەوە | ئەو کەل و پەلانەی بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستنی سوودمەندان لە پێکهاتەکان | مشەمما، خێوەت، تەختەدار، بزمار، دۆشەك، بەتانی، کەل و پەلی داپۆشینی پلاستیکی |
| پەیوەندی | ئەو ئامێرانەی کەوا پێویستن بۆ پاڵپشتی ڕاستەوخۆی پەیوەندی لاسلکی و زانیاری مەیدانی | ڕادیۆ، ئامێری سەتەلایتی گەرۆك، تاوەری ڕادیۆ |
| WASH | بەرهەمەکانی ئاو و ئاوەڕۆك و خاوێنی بۆ سوودمەندان | حەبی پاککردنەوەی ئاو، سندوقی خاوێنی کەسی، کلۆر، سندوقی پاککردنەوە |